# چۆن بانگت بکەم ؟

ئیسماعیل شەمزینی
2003/7/12

جوانیت وەك تریفەكانی مانگە

من چۆن وەسفی روخسارت كەم

ناوت مانایێكە پر لە عەشق و

من بە كام ناو بانگت بكەم

سەدات وەك چریكەی كەناریەكانە و

من بە كام ئاواز پێتدا هەڵكەم

چۆن بانگت كەم

چۆن بێم و دەستەكانم ئاوێزەی باڵات كەم

كە تۆ لە غوربەتدا ئەژی و

منیش لێرەم و لە نێو تاڤگەكانی خەمدا مردووم

تۆ پێم بڵێ

هەناسەكان لە دووریدا چۆن ئاوێتەی یەك ئەبن

پێكێكی قوڕاوی شەڕاب

چۆن لە جیاتی جامێ فرمێسك بنۆشین

مەنزڵێك لە خەم ئاڵا بێ

چۆن چرای عەشقی تێدا داگیرسێنین

وەرە و بە زیبایی خۆت بمنەخشێنە

ساتێك لە باوەشمدا ئارام ... ئارام ..

خورپەكانی دڵت و دڵم بژمێرە

ئیتر چۆن دڵ بەم رۆژگارە خۆش كەم

كە تۆ هەردەم لە خەیاڵمدا ئەژی و

رۆژگارێكیش لێمان نابێتە راستەقینە ... ئازیزەكەم